# شەونم

هۆنراوەی (94)

**ساقی بیا کە شد قدح لالە پر زمی**

ساقی وەرە کە لالە پیاڵەی پڕە لە مەی
تاکەی خەریکی باسی قسەی پووچ و بێ مەزەی
لادە لە فیز و دەعیە کە دیتوویە رۆژگار
چینی کراسی قەیسەر و سووچی کڵاوی کەی
هۆشت هەبێ مەلی چەمەنێ مەستە هەستە ها
حازر بە دێ خەوی عەدەمێ وامەزانە هەی
جوان رادەژێی بەنازەوە ئەی شۆڕەبی بەهار
هەرتازەبی نەشەمزی لە سەرما و سەهۆڵی دەی
ئەو چەرخە خۆشەویستی یەکەی جێی بەقا نیە
هاوارە بۆ کەسێکی ئەمین بێ لەفێڵی وەی
سۆزی شەرابی کەوسەر و حۆری لەبۆ مەیە
ئەوڕۆش جەماڵی ساقیی وەک مانگ و جامی مەی
سروەی بەیانی سەردەمی لاوی دەخاتە بیر
دەرمانی خەمبەرم دەیە ئەوڕۆکە نەک سبەی
مەڕوانە تەخت و سەڵتەنەتی گوڵ کە ئاخری
با دێ و پەڕەی دەکا پەڕەکانی لەهەر چڵەی
تێکە بەیادی حاتەمی تەی جامی یەک مەنی
نامەی لەچەر بشۆوە بەتاریفی نێوی تەی
ئەو بادەیەی لەتافەتی دابوو بەئەرخەوان
هێنایە دەر بەشکڵی عەرەق کوڵمە سێوەکەی
راخەر بنێرە باغی کەبۆ خزمەتت لەوێ
وێستاوە داری سەرو و کەمەر بەستراوە نەی
حافز! سیحربەزێن قسە خۆش خۆشەکانی تۆ
چۆ میسر و چین و گەیوەتە ئەترافی رۆم و رەی

**حافزی حەقیقی**